# سازان..له نێو ئازادی و بڵێسه ی ئاگردا

کنێر حه سه ن خانم
kner_hx@yahoo.de



له به رواری 11.10.2007 دوا بڕیار ی دادگا یه کی سه ره کی وڵاتی ئه ڵمانیا بۆ تاوانیک که ویژدانی مرۆڤایه تی هه ژاند، بڵاوکرایه وه، که ساڵی ڕابردوو له لایه ن پیاوێکی کورد ئه نجام درابوو . ئه مه ش بوه هۆی ڕاچڵه کاندنی ویژدانی ملیۆنان که س و له نێوه ندی میدیاکانی ئه ڵمانیاو جیهان بوه هۆی باس و لێکۆڵینه وه و به دوادا چون . ئه م بڕیاره ی دادگا وای کرد ،دووباره دڕنده یی ئه م پیاوه کورد ه که به رانبه ر به هاوسه ره که ی دوای جیابوونه وه لێ ی ئه نجامی دابوو بێته وه جێ ی باس و لێدوان و شۆک و ڕاچه نین. کاره ساتێک که هه رگیز نه ئه بوایه بێته نێو ڕیالستی مرۆڤایه تی و..گریان و ،سه ر سوڕمان و، گه یشتنی مرۆڤ به دوا پله کانی دڕندایه تی و، نه مانی میهره بانی و، فه وتانی ڕۆڵی هزرێکی ته ندروست و ، زاڵێتی بیری پیاوسالاری و دان نه نانی ژن به مرۆڤ و، به چاوی سامان و موڵک تاماشا کردنی ژن و ناونانیان به شه ڕه ف و، چه ندین شتی تریش له گه ڵ خۆیدا بهێنی . به داخه وه ئه م تاوانی ژنکوژیه نامۆ نیه به کو لتووری ئێمه و نوێ نیه بۆ ئێمه، ته نانه له هه ندێ له م وڵاتانه ی که په نابه رانی کورد ڕوویان تێکردوه و ئه م تاوانه یان له م وڵاتانه به شانازیه وه ئه نجام داوه، وای له م گه لانه کردوه که کورد به( ژنکوژ) ناو ببه ن ، بێگومان ئه مه جێ ی داخه بۆ ئێمه و په ڵه یه کی ڕه شه له مێژوو و کولتووری ئێمه دا . تێپه ڕینی سه ده کان وپێشکه وتنه کانیش نه یانتوانی ڕه نگ و شێوه ی ئه م نامرۆڤایه تیه له کولتووری ئێمه دا کاڵ بکه نه وه بگره تۆخیان کرده وه. خوێنه ری به ڕێز ئه م تێکسته ی باس له ڕووداوی هه ڵوه راندنی خونچه ی ته مه نی سازانی 24 ساڵ ته مه ن ئه کات له لایه ن Rupp Doinet نوسراوه و له سایتی Stern بڵاوکراوه ته وه من پوخته ی ڕوداوه که م له ئه ڵمانیه وه وه رگێڕاوه بۆ زمانی کوردی و دوای خستنه ڕووی ڕوداوه که ، به رده وام ئه بمه وه بۆ ڕاگه یاندنی دوا بڕیاری دادگا که له ڕێکه وتی11.10.2007جێگیر کرا .ئه مه ی خواره وه پوخته ی تێکسته که یه.

**دانپیانانێکی تۆقێنه ر**

هێمنیه کی ترسناک باڵی به سه ر هۆڵی دادگای میونشن داگرتبوو،کاتێ عێراقیه کی ته مه ن 35 ساڵ هۆی بریندار کردنی هاوسه ره که ی به هۆی چه قۆوه دواتر سووتاندنی له سه ر شه قام خسته ڕوو .وه ئه و هه رگیز په شیمان نه بوو له ئه نجامدانی ئه م تاوانه و ووتی: ئه و ئه بوایه وای هه ڵس و که بکردایه له پێناو کولتوورو ئایندا.وه ڕامیاری ئه ڵمانیاش ڕۆڵی هه بوه له ئه نجامدانی ئه م کاره ی.
پیاوه بێهێزه که ووتی ..نه خێر..له به رانبه ر دادگای سوێندخواردن،وه ئه مه ی دوو پات کرده وه که هاوسه ره که ی کوشتوه و لێ ی په شیمان نیه .( ئه و ئاماده یه له هه مان حاڵه تدا دووباره ی بکاته وه). هاوسه ره که م

سزای خۆی وه رگرت وه له هه مان کاتدا ئه م سیاسه ته ی که له وڵاتی ئه ڵمانیا دا په یڕه و ده کرێ ده ستی هه بوه له کوشتنی ئه ودا له لایه ن منه وه، له به ر ئه وه ی ژنان لێره مافێکی زۆریان پێدراوه و وایان لێهاتوه بێ شه رمانه هه ڵس و که وت بکه ن. ئه مه وشه کانی پیاوه تاوانباره که بوون

**بریندارکردنی به چه قۆ وه به نزین کردن به سه ریا**

ئه و له سه رخۆ ئه دوا وه ک ئه وه ی ده رباره ی گه شتێکی بدوێ. کازم محه مه د ره شید ی ته مه ن 35 ساڵ به رده وام بوو له لێدوانه که ی سه باره ت به هۆکاره کانی کوشتنی خێزانه که ی سازان بایز عه بدوڵا ی ته مه ن 24 ساڵ و هۆی به سه ختی بریندارکردنی به چه قۆوه و پاشان به نزین کردن به سه ریاو سووتاندن و داگیرساندنی جه سته ی . ئه و ڕایگه یاند که کولتوورو ئاین ئه رکی کوشتنی ئه ویان خستۆته ئه ستۆ و ئه بوایه به ئه نجامی بگه یه نێ ، هه روه ها باوکی هاوسه ره که شی واته باوکی سازانیش داوای ئه نجامدانی ئه م کاره ی لێ کردوه و، ویستویه تی سازان له ژیاندا نه مێنێ چونکه ناوو شه ره فی بنه ماڵه که یانی له که دار کردوه . (گه ر تۆ سازان نه کوژی من تۆ ئه کوژم) ئه مه گوایه وشه کانی باوکی سازانن . تاوانی سه ره کی ئه م ژنه گه نجه ش ئه مه یه ویستوویه تی له هاوسه ره که ی جیا بێته وه.

25.10.2006 ڕۆژێکی شادی به خش بوو بۆ سازان چونکه له م به رواره دا له کازم محه مه د جیا ئه بوه وه ، ئه م پیاوه ی که دایک و باوکی سازان به زۆر بڕیاری هاوسه رگیری کچه که یان له گه ڵ ئه
ودا دابوو بێ ره زامه ندی سازان، ئه م پیاوه ی که سازانی خۆش نه ئه ویست و هه میشه به سه ختی لێ ی ئه داو ئازاری پێ ئه گه یاند به ڕاده یه ک که پۆلیس په یوه ندی کردن به ژنه که ی لێ قه ده غه کرد. له کاتژمێر 14:30 ی ئه م ڕۆژه واته 25.10.2006 سازانی گه نج دوو باره بوه وه به ئافره تێکی ئازادوله پیاوه که ی جیا بوه وه.له دوای بڕیاری دادگا سازان به هاوڕێکه ی ئه ڵێ ( ئه مڕۆ به خته وه رترین ڕۆژه له ژیانمدا)
دوای سێ کاتژمێرسازان بایزعه بدوڵا ئه کوژرێ.خه ڵکانێکی زۆر له شه قامی Meier-Leibnitz له Garching شایه دی کوشتنه که ی سازان ئه ده ن. له قاوه خانه یه کی سه ره تای شه قام ئافره تێک که سازان و کازم ئه ناسێ کار ئه کات و سازان له م مه ترسیه ئاگادار ئه کاته وه و پێ ی ڕا ئه گه یه نێ که چه ند چرکه یه ک به ر له ئێستا کازم له وێ بوه و به ر له ڕۆیشتن پێ ی وتوه که ئه مڕۆ سازان به حه ق ئه گه یه نێ . ئافره ته که سازانی له م مه ترسیه ئاگادار کرده وه که هه ڕه شه ی له ژیانی ئه کرد و پێ ی وت : کازم ئه تکوژێ!!!!.. به ڵام سازان هه ڕه شه که ی به گرنگ نه زانی و ، خۆی و کوڕه ته مه ن پێنج ساڵیه که ی قاوه خا نه که یان جێهێشت به مه به ستی گه ڕانه وه بۆ ما ڵه وه .
هێرش کردنه که له ناوه ڕاستی شه قام ڕوویدا ، پیاوه عیراقیه که 13 شوێنی به چه قۆکه ی ده ستی له جه سته ی سازانی بریندار کرد که تازه لێ ی جیا ببوه وه، دوای ئه مه به ره و سه یاره که ی چوو قوتوێکی پڕ له به نزینی هێناو کردی به سه ر جه سته ی بریندارو نیوه زیندووی سازان که هێشتا له ژیاندا مابوو گڕی به ردا یه جه سته ی . دانیشتوانی ئه م ماڵانه ی له نزیک شوێنی ڕووداوه که نیشته جێ بوون له بالکۆنه کانیانه وه بۆتڵی پڕ له ئاوو و په ڕۆی ته ڕیان ئه خسته خواره، وه ڕێبواره کان هه وڵیان دا یارمه تی ژنه سووتاوه که بده ن و منداڵه سه رلێشێواوه که یان برده شوێنێکی دڵنیا که هه موو کاره ساته که ی به چاوی خۆی بینیبوو. کارمه ندێکی (Kripo)* که له م شوێنه نیشته جێ بوو دوای بیستنی هاوارێکی به تین له وێ ئاماده بوو بوو پیاوه عیراقیه که ی ده ستگیر کرد.

## من ویستوومه بیکوژم

ئه و له به رده م دادگا وتی :(من ویستوومه بیکوژم)وه (من گه ر پیاو بم ئه م کاره ئه که م) . ئه و به ر له نۆ مانگ ئه م پلا نه ی داڕشتوه و زۆر به ووردی بیری له  که ره سته کانی ئه نجامدانی تاوانه که کردۆته وه وه ک چه قۆو بۆ کوشتنی و ، به نزین   تا.( له به ر ئه وه ی سازان هه موو په نجه ره کانی ژیانی داخستم) خۆی و له گه ڵ گوێڕایه ڵ نه بوونی سازان و..ئاواتی جیابونه وه ی و..ره تکردنه وه ی گه ڕانه وه له گه ڵ ئه و بۆ عیراق ..وه قه ده غه بوونی بینینی کوڕه که ی ، هه موو ئه مانه ی پێ بسووتێنێ . ئه و ته نانه ت دوو ئامێری کاره بایی ئازاردانی(Elektroschocker) له گه ڵ خۆیدا هه ڵگرتبوو بۆ  دوور  خستنه وه ی ئه و کاسانه ی ,گه رویستیان یارمه تی سازان بده ن و رێ  به ئه و بگرن، کاتی ئه نجامدانی تاوانه که.

کازم به ر له ده ساڵ هاتۆته ئه ڵمانیا. کوردێکی خه ڵکی قه ڵادزه یه له باکووری عێراق. داواکه ی بۆ مافی په نابه رایه تی ره تئه کرێته وه و له چاوه ڕوانی و مۆڵه تدانی کاتیدا ئه هێڵرێته وه. وه بۆشی نه بوه به هیچ شێوه یه ک میونشن جێبێڵێ . ئه و که له وڵاتی خۆی کاری فیته ری بوه و له میونشن وه ک شاگرد چه ند ئیشێکی کردوه ،هه رگیز نه یتوانیوه له گه ڵ باری ژیانی نوێ ی ڕابێت . نزیکه ی چوار جار به ڕێگای قاچاغ سه فه ری بۆ وڵاته که ی کردوه و گه ڕاوه ته وه میونشن. ئه و له کوردستان به خێزانه که ی وتوه،  که ئه یه وێ کچێکی بۆ بدۆزنه وه تا بیکات به هاسه ری خۆی.

## ئاهه نگی گواسنه وه به هه ڕه شه و لێدان

خێزانه که ی کازم سازانیان بۆ دۆزیه وه . دوای یه کتربینینێکی نیو کاتژمێری، که تا ئه وکات زۆر نامۆ بوون به یه کتری ، ڕۆژی ئاهه نگی گواستنه وه د ه ست نیشان کر او سازان دڵخۆش بوو پێ ی . ئه مه وشه کانی کازم بوون به رانبه ر دادگا. به ڵام سازان دوای ئه وه ی دڵی خۆی لای هاوڕێیه کی نزیک ئه کاته وه و ئه ڵێ که باوکی به زۆری و به لێدان بۆ ئه م ئاهه نگه و هاوسه ر گیریه ناچار کردوه.کوڕه که شی به ناوێک ناوئه نێ  که له 21.08.2001 له دایک بوه به کوردی  مانای فرمێسک ئه گه یه نێ.

بێگومان سازان ئه و ژنه نه بوو ، که کازم ئه یه ویست، له گه ڵ ئه وه ی ئه ویش مافی په نابه ری پێنه دراو ، له چاوه ڕوانیدا هێڵرایه وه ، به ڵام زۆر به خێرایی فێره زمانی ئه ڵمانی بوو، هاورێ ی زۆری هه بوو، هه میشه ده م به پێکه نین بوو، حه زی له خوێندنه وه بوو،ئه و ئاواتی ئه وه بوو ببێته نووسه ر.گرژی و ئاڵۆزی مابه ینیان هه میشه قووڵتر ئه بوو. له ئۆکتۆبه ری ساڵی 2005 بۆ یه که م جار سازان سکاڵانامه یه کی له سه ر کازم پێشکه ش کردو، سه باره ت به هه وڵی خنکاندن له لایه ن هاوسه ره که یه وه، ئه وه بوو له لا یه ن دکتۆرێکیشه وه نیشانه کانی هه وڵی ئه م خنکاندنه له سه ر جه سته ی سازان ده ست نیشان کرا.  ئیدی کازم بۆی نه بوو هیچ په یوه ندیه کی به سازانه وه بمێنێ وبه هۆی بریارێکی یاساییه وه کازم بۆی نه بوو ته نانه ت له 300 مه تر که متر له سازان و ماڵه که ی نزیک بێته وه . هه ر به پێ ی ئه م بریاره وه کازم بۆی نه بوو کو ڕه که ی ببینێ. سازان ترسی له وه هه بوو ئه و  منداڵه که ی بنێرته وه بۆ عیراق.

## هه رگیز به  بڕیاری په یوه ندی نه کردن به سازانه وه  پا به ند نه بوو

ئه و هه رگیز پا به ندی ئه م بڕیاره نه بوو. هه میشه له هه ڵێک گه ڕاوه بۆ ئازاردانی سازان ، جارێکیان له شوێنی وه ستانی پاس چاوه ڕێ ی ئه کات و زۆر به سه ختی لێ ی ئه دات ،جارێکی تر سندوقی پۆستی ئه شکێنێ و ، به هۆی په نجه ره یه که وه به دیواریدا هه ڵئه چێ و کاسێتێکی بۆ له په نجه ره که وه ئه خا ته ژووره وه که ئه م وشانه ی تیادا تۆمار کراوه: (سازان به ره و جه هه نه م ئه چێ ، وه ژنێک که له ئه ڵمانیا پێ ی ئه وترێ بێ ئابروو کاری بێ ئابڕوویی ئه کات باشتره له ژنێک که که گوێڕایه ڵی پیاوه که ی نه بێت). پۆلیس نه یئه زانی چۆن هه ڵس و که وتی له گه ڵدا بکات ئه و هه میشه له دژی سکاڵاکان به رگری له خۆ ئه کرد.
خوێنه ری به ڕێز ئه مه کاره ساتی هه ڵوه راندنی ڕۆحی په پوله ئاسای ژنێکی گه نج بوو له تاراوگه که به پێنو سیRupp Doinet نووسرابوو .
دادگاله به رواری 11.10.2007 بڕیاری به ندبوونی تا هه تایی به سه ر تاوانبار کازم دا سه پاندو کوڕه شه ش ساڵیه که شی دوای کوژرانی دایکی لای خێزانێکی خێرخواز ژیان به سه ر ئه بات و په روه رده ئه کرێ .
کوشتن و ئازاردانی ئافره تان به ناوی له که دار کردنی شه ڕه ف و ده یان ناوی تر تا ڕاده یه کی زۆر له کۆمه ڵگای کوردیدا ڕه گی داکوتاوه وله زیادبوندایه. ته نانه ت ئه م جۆره پیاوانه ی که به ئه م کاره نامرۆڤانهییه هه ڵئه ستن یان پشتگیری لێ ئه که ن یان هیچ نه بێ به رانبه ری بێ ده نگن و نایانه وێ به رانبه ر شتێک ده نگ هه ڵبڕن که سه دان ساڵ به ر له ئێستا لای باپیرانیان په سند کراوه، هه رگیز له مانای گه وره یی مرۆ ڤ و ژیان و جوانی و میهره بانی و خۆشه ویستی نه گه یشتوو ن و له وپه ڕی نه فامی و بێ ئاگایی ژیان به سه ر ئه به ن وخۆیان هه موو مافێک به خۆیان ئه ده ن و بۆ ئه وان هیچ شتێک نیه ناوی خه تی سوور بێ و قه ده غه بێ ، ئه م شتانه ی که هه زاران ئافره تی له سه ر کوژراوه ئه وا ، بۆ ئه وان نه ک ئاساییه بگره به شانازیه وه ئه م کارانه و ها زاران کاری تریش ئه نجام ئه ده ن ، بێ ئه وه ی ته نها جارێک له خۆیان بپرسن که بۆ وا ئه که ن و بۆ ڕۆح و ژیانی که سه نزیکه کانیان هێنده به ئاسانی ئه سڕنه وه . سه یر له وه یه هه رگیز نایانه وێ بڕوا به وه بێنن که ژنیش یه کسانه به پیاو له ڕوی ماف و ژیانه وه و نا بێ به کۆیله بکرێ . ئه و ناوه ی که ئه وان پێ ی ئه ڵێن پاکی و له که داری شه ڕه ف وبه جه سته و شته پریڤاته کانی ئافره ته که وه به ستراوه ته وه شتگه لێکی بێ بنه مان و ڕه گ و ڕیشه یان بۆ هه زاران ساڵ به ر له ئێستائه گه ڕێته وه . وه ک مرۆڤێکی ئه مرۆ و سه رده می ئێستا بڕوانه هێنان به گه وره یی و ئازادی مرۆ ڤ به ژن و پیا وه وه بڕوا نه هێنان به یه کسانی ژن له ڕووی ماف و هه ر به نه فامی مانه وه و پا به ند بوو ن به و نه زانیه ی که ڕابردوویه کی زۆر دوور پێناسه ی ئافره ت ئه کات و به ستنه وه ی جه سته و هه ڵس و که وتی ئافره ت به شه ره فی بنه ماڵه و، کوشتنی ئافره تان بۆ پاک کردنه وه و شوشتننه وه ی شه ڕه ف و، باوه ڕ نه هێنا ن به گۆڕان بێگومان شووره ییه و جێگای شه رمه.
وه ئه م ڕووداوانه هه میشه بن ده ست کردنی ئافره ت و، گه راندنه وه ی ژیان بۆ سه ده کانی ناوه ڕاست و، خۆ ده رباز نه کردن له تێگنه یشتن له مرۆ ڤ و پێکهاته کانی مرۆڤ به هه ردوو ڕه گه زه وه ، هه روه ها نه زانین و دواکه وتوویی تا سه ر ئێسقان و گیرۆده بوون به نه خۆشیه کانی خۆ به زل زانین له به ر پیاو بوون و، ورێنه کردن به په تای نه زانین له کۆمه ڵگاکه مان دووپات ئه که نه وه. ئه م جۆره مرۆڤانه ی پشتگیری له م کاره ساته خوێناویانه ئه که ن به ڕه گه زی نێرو مێ وه هه رگیز خاوه ن ویژدانی مرۆڤێکی ده روون ته ندروست نین.
خۆ به زلزانی و نه خۆشیه ده روونیه بێ شوماره کانی کۆمه ڵگای کوردی که توشی یه کێکی وه ک کازم ئه بێ وای لێئه کا ڕێگا به خۆی بدات که ژنێکی گه نجی وه ک سازان به به ر چاوی کوڕه پێنج ساڵیه که ی بریندار بکاو دواتر به زیندوویی بیسوتێنێ، ته نها له به ر ئه وه ی ئه پیاوه و سازانیش گوێڕایه لی نه بوه و نه یویستوه له گه ڵی بژیێ و ته نانه ت دوای ڕوداوه که ش زۆر به دڵره قی ئه دوێ وله تاوانه که په شیمان نابێته وه و بێئاگا له دونیا له نێو دادگایه کی ئه ڵمانی باس له پیاوه تی ئه کات و ئه ڵێ من بۆ کولتورو ئاین ئه مه م کردوه و وه گه ر پیاوبم ئه بێ کاری وا بکه م . هه رگیز نازانێ خه ڵکی له م وشانه ناگه ن و له وێ ژن و پیاو هه ردووکیان

ناویان مرۆڤه و ئه م وشانه ته نها بۆ کولتوره که ی کازم ده ست ئه ده ن . ئه و هێنده له نێو شانازی کردن به پیاو بووونداا ڕۆچوه هه ر له حاله تی خه وبینینه وه یه به به رز ی و شانازی کردنی به ره گه زی نێری خۆی . ئه مه یه کوێره وه ری و نه زانی و به دبه ختی و ئافاتی کۆمه ڵگاو کولتورێکی وه ک کولتوری کوردی. بێگومان که مکردنه وه و نه هێشتنی ئه م دیارده جه رگبڕه ئه رکی سه رشانی حکومه ت و یاساو په روه رده و هتد...ییه.....که زۆر بابه تی له لایه ن دڵسۆزانی مرۆڤایه تی له سه ر نوسراوه. به ڵام به داخه وه هه نگاوه کان سه ره ڕای ته شه نه کردنی ئه م جۆره تا وا نا نه، نه ک سستن به ڵک و هه ندێ جار هه ر هه ستیشی پێناکرێ.
له لایه کی تریش ، که مکردنه وه ی ئه م دیارده یه ئه رکی سه رشانی هه مو و تاکێکه و پێویسته هه ریه کێک له ئێمه له لای خۆی به و په ڕی تواناوه هه وڵ بۆ نه هێشتنی ئه م دیارده خوێناوی و نامرۆڤایه تیه بدات هه ر له خۆ ڕۆشه نبیرکردنه و ه و هه وڵ دان بۆ ناسینی مرۆ ڤ و ما فه کانی تا خه ڵک و ووشیارکردنه وه و ، ناساندنی منداڵانی ده ورو به ر به مافه کانی مرۆڤ و، رازی نه بوون و ڕێگه گرتن و پۆلیس ئاگادارکردنه وه له کاتی گومان کردن له ڕوودانی ئه م جۆره تاوانانه و ، وه ڕژانه سه ر جاده و ڕێگاپێوانی هێمنانه بۆ ده ربڕینی ناڕه زایی دژی ژنکوشتن و ئازاردا ن و به کۆیله کردنیان و هتد....
له کۆتاییدا هیوادارم به هه وڵی هه مولا یه ک بتوانین ئه م دیارده یه که م بکه ینه وه و ڕێگا له دووباره بوونه وه ی ئه م کاره سا ته خوێناویا نه ی، وه ک به ردباران کردنی دوعای جوانه مه رگ و سازانی نێو چرکه ساته کانی ئازادی و بڵێسه ی ئاگرو هه زاران ژن و کچی تری بێتاوان و و ڕۆح په پووله و بن ده ست و دڵ پڕ ئاوات و خۆزگه و شادی نه دیو و چه وساوه که به تاوانی بێ بنه ماو هه روه ها به تاوانگه لێک تاوانبار کراون و کوژراون، که هه رگیز و به هیچ شێوه یه ک ناچنه قالبی تاوان ته نها له کۆ مه ڵگا دوا که وتوه کان نه بێ بگرین و، وه به یارمه تی هه ردوو ڕه گه ز ئه م دیارده ئازاربه خشه ی وه ک نه خۆشیه کی درێژ خایه ن به رده وام له گیانی کولتوره که مان به مشه خۆری ماوه ته وه به رگریه ک دروست بکه ین.

* ده زگایه یه کی ئاسایشی نهێنی ئه ڵمانیه